
# گرنگی دان بۆ بە دەستهێنانی پایەکانی دەسەڵات

# هۆکارێکی سەرەکیە بۆڵاوزکردنی حیزبەکوردیەکان وهەڵگیرسانی شەری براکوژی و کاڵکردنەوەی هەستی نیشتیمان پەروەری

قاسم ئەحمەد
2007/09/15

Kaskurd72@hotmail.com



لە هەموو شۆڕش وبەرخۆدان و قوربانی دانێکدا لە لای خودی تاکەکاندا کە بەشدار دەبن مەبەستی جۆراو جۆر گەڵالەدەبیت،جا ئەو مەبەستانەش هەریەکەو بەجۆرێک لێکدانەوەی لەسەرە،مەبەستمان  لیرەدا روون و ئاشکرایە سەبارەت بەتاکی شۆڕشگیڕی کوردە کاتێک لە پیناوی بەشداری لەوشۆڕش و بەرخۆدانانەدا یەکەم هەنگاوی هەڵدەهێنێت ودەست و مەچەکی ئالودەی تفەنگی شۆڕشگێری دەکات ولە ناخیدا بەوپەری بڕواو دەرخستنی هەستی نەتەوەیی بەشدار دەبیت لە کاروو بارەکانی شۆڕشدا،ئیتر لەوێوە دەبیتە سەربازێکی بە مانای تەواو سەربازو لە بەرابەر گەرماو سەرماو برسێتی ولە دەست دانی ژیان و دەست بەردار بوون لە کەسو هەموو بوونێکی خۆی سەرمایەو کۆمەڵێک ئامنجی تردا.
ئەمە بە واتای پیناسی کەسێکی شۆڕشگێر دەتوانین لە بەرچاو بگرین ،لە لای هەموومان روونە سەرەتا خەباتگیڕێک خۆی ئاوێزانی تفەنگێک دەکات تابتوانێت لەوروانگەوەوەک داکۆکی کاریک بۆ رزگاری گەلەکەی لەژێردەستەیی فیداکاری پیشکەش بکات.

بەلام ناتوانین گەرەنتی تەواو دەستە بەر بکەین کە هەڤالی خەبات کار لە ئایندەدا هەمان هەست وبیرۆکەی نیشتیمانی لە لا پارێزراو بیت،دەبینین کۆمەلە خەباتکاریک یان بە واتایەکی تر شۆڕشگێڕیک لە کاتوو ساتێکدا دەستیان بەخەبات وچالاکی رامیاری کردووە لەلای هەموویاندا ئامانج خەبات بۆ رزگاری و بەدەست هێینانی مافی نەتەوەیی بووە دواتریش لە نیوانیاندا هەبووە خەباتی شۆڕشگێری لە بنە بەردێکدا داناوەو سەنگەری شەرەفی چۆلکردووەو پێچەوانە دەستی داوەتە نیشتیمان فرۆشی چی وەک سیخورێک یان وەک خۆفرۆش(جاش)بووەتە هاوکاروورێپیشاندەری نەیارانی نەتەوەکەی بۆ وەشاندنی زەبری کوشندەو کارەسات ئامێز،نموونەشمان کۆمەلێک لەو روێژکارانەی(مستشار) سەردەمی دەسلاتی بەعسیکان کەتێیاندا هەبووە ماوەیەک خەباتگێڕ بووە یان پەیوەندی بە دەسلات دارانی شۆڕشەوە هەبووە دوای بەشداری لە شەهیدکردنی هاوسەنگەرەکەیدا یان دانی هەواڵ بەنەیاراری پێشمەرگەو شوێنکەوتنی شوێنەکانیان لە بری بەدەست هینانی پارەو پولوو ئۆتۆمیلداخۆی دۆڕاندووە کارئاسانیشی کردووە کە کارەساتی وەک ئەنفال لەرۆژمێری تاونەکانیاندا بە هەندەوە کاری لە سەر بکرێت.

تیاشیاندا هەبوە لەرۆژانی سەختی خەباتدا ڤیلاکەی،کەلاوەی گوندێک بووە،شەرابوخواردنەوەکەی ئاوی سەرچاوەی کانی هەمان گوندبووە،جوانترین پۆشاکی جلێکی شروولە ئاوو ئارەقدا سپیکراو بووە،جگەرەی دەستی تووتنی بەراوی گوندێکی خەباتگێر بووە،پەردەی سینەمای مالەکەی لادیواری مزگەوتیک بووە،تفەنگەکەی دەستی دەسکەوتی نەبەردێک بووە کە قارەمانترین هاورێی تیادا شەهید بووە،ئۆتۆمۆبیلە گرانبەهاجام رەشەکەی تراکتۆرو،گویدرێژێکی لادێیەکی هەژار بووە،بە کەتەلۆک خواردنەکەی دۆیەکی ترشووکەرەیەکی بەتامی دایەپیرەیەکی لادیکان بووە، راخەرووژێر خەرەکەی بەتانیەکی بەتەپو تۆز ئالوودەو کۆڵەپشتیەکەی بووە گەرمترین نانی کۆنترۆڵ بۆکراوی نانەڕەقی نێو پشتوێنەکەی

بووه،رووگەوپەرستگاو هەموو بروایەکی بۆ دوابریار سوێن بە گۆڕی سەهیدان بووە،هەموو کەسوو خۆشەویستێکی خەلکانی گوندوو ناوچەدابراوەکان بووە تەنها ئامانجیشی سەرکەوتنی بووە لە داستان و نەبەردەکاندا.
ئیستاش لە لای ئەو باسکردن لەم راستیانە خەونەو بوونی نیە،هاوکاری وبەشداری لە غەمی هەژارێکدا نەبووتە بەشێک لە ئاکاری،یادی هاوریٚ شەهیدەکەی لەوەتەی لەسەر کورسی دەسڵاتە بیرکراوە،دایکی هاوریٚ شەهیدەکەی ناناسێت،سەردانی گوندەکان بە ئەستەم و گەرم دەزانێت،لە ئەجیندای کارەکانیدا هاوکاری گوندوو گوندنشینان مێژووی بۆ دانەنراوە،زۆر قسەو باس لە سەر راستیەکان و کەموو کورتیەکان بە زۆر بیژی دەزانیت،ریفۆرم وداهێنان وانەیەکی وینا بۆ نەکراوە،مردن لای ئەو بوونی نیە،هەستی نیستیمانی فرۆستووەو دوای کۆمەڵێک بەڵێنی فریودەرانە کەوتووە،کە ئامانج تیایدا دواخستنی دۆزی نەتەوەیەکی خاوەن قوربانی وەک جینۆسایدا،بارانی کیمیاو،سوتانی رەزوباخ وهەزاران گوندە گەرانەوەی ناوچە دابراوەکانی کوردستان و لە باربردنی مادەی 140 لە.

ئەم فاکتەرانەی کە ئامەژەمان پیکرد فاکتەرگەلێکی سەرەکین لاوازی هەستی نەتەوەیی لە لای تاکی شۆڕشگێر درووست کردووەو نەشارراوەتەوە،هەر ئەمانەس ئامیزی دەسلاتدارانی بەرەورووی کورسی دەسلاتدا وەلاکردووە تا لەنێوان هەردووکیاندا، رابردوو فیداکاریەکان لە بیر ببرێن و، شۆڕشەکوردیکان بەرەو لاوازی هانبدات ودووبەرەکی و شەری براکوژی لی بێتە ئاراوە بۆ لە دەست دانی سەدان خەبات گیری سەردەمی شاخ کەئاگری شەری بە ناو برا کوژی کردنیە قوربانی ئامانج گەلێکی نادیاروو نازانراو کە تیادا تەنها داهینەرانی ئەو کارەساتە و کورسیەکانیان تەمەن دریژ بوون،جگە لەتۆمارکردنیان وەک داهێنەرانی شەری نیو خۆو مانەوەی پەڵەیەکی پڕ لەشوورەیی لە مێژوی خەباتیاندا.